# بوونی ناوەندێك بۆ لاوان تا چەند پێویستە لەم قۆناغەدا!!!

مەبەست لە نووسینی ئەم بابەتە خستنە رووی هەل و مەرجی لاوان و کێشەکانیان لە کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و کوردستانی ئێران بەتایبەتە کە لە ئێستادا هەست بەوە دەکرێ دەستەیێك لە لاوانی شۆڕشگێڕ و دڵسۆز بە هەل و مەرجی لاوان لە ریزەکانی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە هەوڵی ئەوەدان ناوەند یا ڕێکخراوێك بۆ لاوان دامەزرێنن تا لەو رێگەوە بتوانن زیاتر خزمەت بە لاوی کورد لە کوردستانی ئێران بکەن و سازمان بدرێن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کەسانێکی بەرپرس بن لە بەرانبەر نەتەوە و نیشتمانیان دا و بە بەرنامە و گەڵاڵەی باش بەرەو رووی کێشەکانیان بنەوە.

وەك ئامارەکان نیشان دەدەن زیاتر لە ٦٨ لە سەدی رێژەی زیاد بووی خەڵکی ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە ژێر ٣٠ ساڵ تەمەندان و نزیك بە ٢٥ ملوێن خەڵکی ئێران ئەو لاوانەن کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٣٤ ساڵ بە هۆی نەبوونی بەرنامەیێکی باش بۆ لاوان و پشت گوێ خستنی ویست و داواکانیان لەلایەن دەسەڵاتی ئاخوندیەوە و لەلایێکی دیکەوە سیاسەتی تێکدەرانەی ئەو رژیمە لە وەڵاتانی دراوسێ و پشتیوانی ترۆریزم و هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی چەك و چۆڵی ناوکەیی کە بەوبۆنەوە ٣ بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ئابڵوقەی رژیم پەسەند کراوە، هەروەها ئابڵوقەکانی ئەمریکا و ئورووپا، هەل و مەرجی کۆمەڵگای ئێران بە تێکڕا و لاوان بەتایبەت بە شێوەیێکی بەرچاو لە خراپی دایە.

ئەو کێشانەی لە کۆمەڵگای ئێراندا هەن کە بەشێکی زۆری رووبەرووی لاوان دەبێتەوە بەم شێوەن:

١ـ نزیك بە ٨٠ لەسەدی لاوان ڕەبەنن (مجرد) و نەك هەر ناتوانن خانەوادە بەرێوە بەرن، بەڵکوو ناتوانن خۆشیان بەخێو بکەن. رێژەی ئەو پیاو و ژنانەی کە هاوسەرگیریان نەکردوە لە ٢٥ بۆ ٢٩ ساڵ لە زیاد بوون دایە. بە شێوەیێك کە ئەو رێژە لە ژنان دا لە ٨ لە سەد بۆ ٢٥ لەسەد و لە پیاواندا لە ٢٠ لەسەد بۆ ٤٠ لە سەد بەرەو سەرچووە.

رێژەی ئەو پیاوانەی کە تەمەنیان لە ٢٠ تا ٢٩ ساڵە و لەگەڵ خانەوادەکانیان دەژین لە ٥٠ لەسەد لە ساڵی ١٩٨٤دا گەیشتۆتە ٧٥ لەسەد لە ساڵی ٢٠٠٥ دا، لە ژنان دا ئەو رێژەیە لە ٢٠ لە سەد بۆ ٤٨ لەسەد زیادی کردوە. بەرەو سەرچوونی تەمەن شتێکی باشە و دەکرێ دواخستنی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خانەوادە بەهۆی خوێندنەوەبێ بەڵام بە ڕەبەن مانەوە دەردەسەری نوێ لە گەورەساڵیدا دروست دەکا. دەکرێ دواخستنی پێکهێنانی خانەوادە کاردانەوەیێك بێ لە بەرانبەر داب و نەریتی هاوسەرگیری، چوونکە کڕینی خانوو و خەرجی خانەوادە لە بەرەو سەرچووندایە. لەلایێکی دیکەوە ئەو کێشە و گرفتانە بوونەتە هۆی ئەوەی رێژەی تەڵاق لە ئێراندا بەرەو زیاد بوون بچێ و رێژەی هاوسەرگیری و تەڵاق خەریکە لێك نزیك دەبێتەوە کە لە شارێکی وەك تاران ئاماری تەڵاق زیاتر لە ٤٠ لە سەدە.

٢ـ بێ هومێدبوون، شکاندنی هەست، دروست کردنی ترس و سەرلێ شێواوی و بێ ناوەرۆکی بۆتە هۆی تێکدانی لاو، لەگەڵ پەیدابوونی رێگەی نوێی پێوەندی، زۆرێك لە داب و نەریتەکانی کۆن کەم رەنگ بوونەتەوە و یا گۆڕانیان تێدا دروست بووە یا داب و نەریتی نوێ لە کۆمەڵگادا جێ یان گرتۆتەوە، لەگەڵ ئەوانەدا هەژاری و بێ توانایی لە گەیشتن بەو رێگە نوێ یانە، بونەتە هۆی ناهومێدی لە ناو لاواندا.

لەلایێکی دیکەوە گۆشەگیر کردنی لاوان کە داهاتووی کۆمەڵگان، شوێنەواری خراپی زۆری هەیە، هەوڵی لاوان بۆ وەدەست هێنانی هەل و مەرج و جێ و ڕێی باشتر لە کۆمەڵگادا بێ ئاکام بووە و بەربەستی زۆریان بۆ دروست بووە، لە ئاکامدا توانا و هێزێکی زۆر لە کۆمەڵگادا بە فیرۆ دەچێ. هەروەها بە هۆی بەشدار نەکردنیان لە ئابووری وەڵات، بێ سەر و بەرەیی لە بازاری کار، نەبوونی هەلی کاری چاك، شوغڵی خراپ و نابەجێ و بەسترانەوەی خانەوادە، بەشێکی دیکەن لە دروست بوونی ناهومێدی لە لاواندا. لەلایێکی دیکەوە بێ ڕێزی و توند و تیژی بووە بە یەکێك لە کێشەکان لە هەڵسووکەوت لەگەڵ لاوان، کە ئەو شێوە هەڵسووکەوتانە بە گشتی دەبنە هۆی تێکگیران و لە ئاکامدا تاوانی لێ دەکەوێتەوە. بە پێی ئاماری ڕێکخراوی پزیشکی رژیم، ٤٢ لە سەدی ئەوانەی دەچنە لای پزیشکی قانوونی لە شەر و تێکگیران دا پێکراون. بە پێی تازەترین ئامار خانەوادە، مەکتەب و هاورێ دەبنە هۆی دروست بوونی رەفتاری ناشیرین لە لاودا. هەروەها ترس و دڵەڕاوکێ یەکێکی دیکە لە کێشەکانی لاوانە کە لەلایەن خانەوادە و دەسەڵاتداری ئاخوندانەوە لە ناخیاندا پێك هاتووە، لاوانی ئێرانی ناتوانن بە دڵی خۆیان ماوەی لاویەتیان ببەنە سەر و بەردەوام ترس لە گیران و زیندانی کردن لەلایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم لە دڵی هەموو لاوێك دا هەیە و بە ترسەوە دەچنە پارك، سەیران و گەران.

٣ـ بێکاری، کە سەرچاوەی زۆربەی کێشەکانە بە زۆری لە نێوان لاوانی خوێندەوار و دەرچوانی زانکۆدا دەبیندرێ. بە پێی ئامارەکانی رژیم رێژەی بێکاری لە نێوان ٢٠ تا ٢٥ لەسەدە. بە پێی قسەی کارناسان راستی ئەوەیە کە رێژەی بێکاری لاوان لە ئێران لە تەمەنەکانی سەرەتای لاوی تا ٢٤ ساڵ ٣٤ لەسەدە و لە نێوان ٢٥ ساڵ تا ٢٩ ساڵ زیاتر لە ١٦ لەسەدە.

زیانەکانی بێکاری، ئاسان نەبوون بۆ بەشداری لە بەشی ئابووری، لە گەڵ زیاد بوونی کێشەی لاوان ئەنجامدانی کاری خراپ، ئاکامەکەی تێکچوونی رەوتی ژیان، زیاد بوونی تاوان و جینایەت، ئیعتیاد و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگای لێدەکەوێتەوە.

بەو شێوەیە لاوان ڕوو لە (کاری ڕەش) وەك قاچاخی مەوادی موخەدیر، هەڵسووڕان لە باندە خرابکارەکان... کە دەبێتە هۆی بەلارێدا بردنی کۆمەڵگا و مەترسییێکە کە لەگەڵ بێکاری دروست دەبێ و هەڕەشەیە بۆ سەر داهاتووی لاوان.

٤ــ ئیعتیاد، بۆتە یەکێك لە دەردەجەرگ بڕەکانی کۆمەڵگا، کە ئێخەی زیاتر لە ٥ ملوێن کەسی لە ئێران گرتۆتەوە، لە مانگدا زیاتر لە ٥٠٠ تا ٧٠٠ تۆن تریاك و جۆرەکانی دیکەی مەوادی موخەدیر لە ئێراندا بەکار دەهێنرێ. هەروەها بە پێی ئاماری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێران بەرزترین رێژەی موعتادی هەیە و زیاتر لە ٣٠ لەسەدی موعتادانی ئێران ئەو لاوانەن کە لە ژێر ٢٠ ساڵ تەمەن دان و ٤٧ لەسەدی موعتادان لە نێوان ٢٥ تا ٤٠ ساڵیان تەمەنن و زیاتر لە ٦٥ لەسەدی موعتادە زیندانیەکان لە ١ تا ٥ منداڵیان هەیە، ٦٠ لەسەدی زیندانیەکانی ئێران تاوانبارانی مەوادی هۆشبەرن، زۆرترین کات بۆ پەیدا کردنی ئەو مەوادە ٢٠ دەقیقەیە. لە ئێراندا لە هەر یەك دەقیقە یەك موعتاد دەمرێ و لە رۆژدا تەرمی ١٠ تا ١٢ کەسی موعتاد دەدۆزرێتەوە، ١٨ تا ٢٤ لەسەدی بە کارهێنانی مەوادی موخەدیر بە دەرزیە و ئاکامەکەی تووشبوون بە نەخۆشی ئیدزە.

رۆژنامەی لوس ئانجلس تایمز لە زمان کچێکی لاو دەنووسێ کە رژیمی ئێران قسە لە خەبات دژ بە مەوادی موخەدیر دەکا بەڵام بۆخۆی خەریکی موعتاد کردنی لاوانە بۆ ئەوەی بێ دەنگیان بکا. سەربازێکی ٢١ ساڵان بەو رۆژنامە دەڵێ: ئێمە هیچ کارێکمان نیە و نازانم لە دوای تەواو بوونی سەربازی چ کارێك بکەم. ناوبراو دەڵێ، لاوان بۆ ژیان پێویستیان بە کارە بەڵام چوونکە کار نیە، دوای مەوادی موخەدیر دەکەون.

٥ـ (فەحشا) بەپێی ئامارەکانی رژیم تەنیا لە شاری تاران نزیك بە ٢٠٠ تا ٣٠٠ هەزار کەس هەیە، و یەکێك لە شانازیەکانی رژیمی ئێران دامەزرانی (خانە عفاف) و فرۆشتنی ژن و کچی لاوی ئێرانی بە وەڵاتانی دەوروو بەری کەنداوی فارسە. بە پێی ئامارەکان ئەو کچ و ژنانەی لە ماڵ هەڵاتوون زۆرترین کێشەی فەرهەنگی و ئابووری و رەوانیان تەجروبە کردوە و تەنیا شتێك لەو کاتەدا کە ئەوان بیری لێ دەکەنەوە هەڵاتن لە دەست ئەو هەل و مەرجەیە. بە پێی ئامارەکان لە نێوان ١٤٧ ژنی سەرشەقام، ٦٠ لەسەدیان لە تەمەنی ١٣ تا ٢٠ ساڵی تووشی بەدرەوشتی بوون. ئاماری ئەو کچانەی هەڵاتوون تەنیا لە شاری تاران، ساڵی ١٣٨٠ لە چاو ساڵی ١٣٧٩ لە ١٢٠٠ کەس بۆ ٥٠٠٠ هەزار کەس زیادی کردوە و ئەو رێژەیە لە ساڵی ٨١ گەیشتۆتە ٦٠٠٠ هەزار کەس و تەمەنی کچانی تووش بوو لە ساڵی ١٣٧٩ لە ١٦ ساڵ و لە ساڵی ١٣٨٢ بە ١٣ ساڵ گەیشتووە. لەو رێژە ٧/٢٧ لەسەد لە شەقامەکاندا ماڵیان کردۆتەوە و ژمارەیێکیان لە پارك و بەشێکیش پەنایان بردۆتە ماڵی دۆست و رەفێقەکانیان. بە زۆری ئەو کچانە لە بەر ئەوەی نەچنەوە بۆ ماڵ، پەنا دەبەنە بەر شەقام و لەش فرۆشی دەکەن. بە پێی ئاماری ڕێکخراوی بێهزیستی رژیم نزیك بە ٢٣ لەسەدی ئەو کچانە لە تەمەنی منداڵی دا بە زۆر کاری جێنسیان لەگەڵ دەکرێ و ١٢ لە سەد لەلایەن کەسانی نزیکی وەك خزمەکانیانەوە ئەو کارەیان لەگەڵ کراوە.

لەلایێکی دیکەوە زۆربەی کوڕە لاوەکان بە هۆی نەبوونی کار و خراپی وەزعی ماددی بۆ پێکهێنانی خانەوادە، لەگەڵ ژنانی سەرشەقام کاری جێنسی دەکەن.

٦ـ نەخۆشی رەوانی یا خەمۆکی کە بە داخەوە رێژەیێکی بەرین لە لاوانی ئێران تووشی ئەو حاڵەتە بوون، هۆیێکی گرینگی نەخۆشی رەوانی بێ ئاکامی و باوەڕ نەکردن بە لاوانە، ڕەش بینی سەبارەت بە داهاتوو، دروست کردنی ناکۆکی لە نێو لاوان دایە.

بێ هەستی بۆ بەرێوەبردنی کار، بیرکردنەوەی خراپ، زیادەڕەوی لە ناسیندا و ترس و دڵەڕاوکێ لە نیشانەکانی خەمۆکین، کە ژمارەیێك تەنیا لەلایەنی نگتیف دەبینن.

نیشانەکانی کێشەی دەرونی و خەمۆکی پێکەوە گرێدراون، کە کاردانەوەیان هەیە لە سەریەکتر، هەروەها میرات هۆیێکی دیکەی تووش بوون بەو حاڵەتەیە. ٩٠ لە سەدی ئەو کەسانەی کە بەگومانن تووشی نەخۆشی خەمۆکی دەبن. هەروەها ئاماری تووش بوون بە خەمۆکی لە کچاندا زیاتر لە کوڕانە و سەرەکیترین هۆ بێ ئاکامیە. ئەگەر خەمۆکی ببێ بە نەخۆشی، دەبێ بە مشاورە لەگەڵ رەوانشناس رێگەچارەی بۆ دانرێ و هەوڵ بدرێ ئەو ڕەش بینی و گومانانەی لا برەوێتەوە.

٧ــ نەخۆشیەکانی لەش کە بەرچاوترینیان نەخۆشی ئیدزە.

بۆچی لاوان زیاتر لە هەمووان زیاتر تووشی ئەو نەخۆشیە دەبن؟ خراب بە کارهێنانی مەوادی موخەدیر بە زۆری لە سەرەتای ٢٠ ساڵیەوە دەست پێ دەکا، هۆکانی بە کارهێنانی مەوادی موخەدیر جۆراوجۆرن لەوانە، ترس، خەمۆکی، ناکۆکیی خێزانی، کێشەی ئابووری، بێکاری یا ئەوەی کەس و کار کەمتەرخەمیان لەگەڵ دەکەن. لە لێکۆڵینەوەیێکدا کە ساڵی ١٣٨٧سەبارەت بە خراب بەکارهێنانی مەوادی موخەدیر ئەنجام درا، نیشانی دا کە سێ یەکی ئەو لاوانەی مەواد بە کاردێنن، کاتێکە کە دەستەیێك لە لاوانی هاوتەمەن کۆدەبنەوە، یان زۆرێك لەو کەسانە هاورێی موعتادیان بووە.

تووش بوون بە نەخۆشی ئیدز لەوکەسانەی کە مەوادی ئیکستاسی بە کاردێنن.

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە کە ئەو لاوانەی ئیکستاسی بە کاردێنن هەوڵ دەدەن پێوەندی جێنسی لەگەڵ یەك بگرن.

بە گشتی ئەو هۆیانەی مەترسی تووش بوون بەو نەخۆشیە لە لاواندا زیاد دەکا بریتین لە:

الف ـ سەفەر و دوورکەوتنەوە لە خانەوادە (زۆرێك لە لاوان بۆ پەیدا کردنی کار یا خوێندن لە شار و خانەوادەی خۆیان دوور دەکەونەوە بۆیە لە چاو ئەو لاوانەی لە ناو خاو و خێزانی خۆیاندان و چاودێریان دەکرێ، مەترسی تووش بوونیان لە سەرە. بەتایبەت ئەگەر ئەو مەسەلە لە رووی ئاگاهیەوە نەکرابێ و ڕاوێژی لە سەر نەکرابێ و گوێ نەدرابێ بە تێبینیەکانی تەندروستی، ئەگەری تووش بوون بە HIV زیاتر دەبێ و لە گەرانەوە بۆ خانەوادە مەترسی تووش بوونی هاوسەرەکانیشان هەیە.

ب ـ گۆڕان لە شێوەی بەکار هێنانی مەوادی موخەدیر و بەکارهێنان بە شێوەی دەرزی.

ج ـ خراپی باری ئابووری و کۆمەڵایەتی، ( بەتایبەت بێکاری، لەو لێکۆڵینەوەی ساڵی ١٣٨٧دا دەرکەوتووە کە ٣٢ لە سەدی موعتادانی ئێران بێکارن)

د ـ بەرەو سەرچوونی تەمەنی هاوسەرگیری بە هۆی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی.

و ـ کاردانەوەی خراپ بەکارهێنانی ڕاگەیێنە گشتیەکانی وەك ماهوارە و ئینتێرنێت لە ژیانی لاواندا.

٨ـ هەڵاتنی مێشکەکان، کاردانەوەی کۆبوونەوەی هێزی زانست و لێکۆڵینەوەکان لە چەند شوێنی تایبەتی جیهان، جیاوازی لە نێوان وەڵاتانی گەشەسەندوو و دواکەوتوو رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێ، و دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەرەسەندنی ئابووری لە وەڵاتە دواکەوتووەکان لە دابەزیندا بێ، چوونکە شك لەوەدا نیە کە شەرتی بوونی ئابوورییێکی چاك و پێشکەوتو، پێویستی بە هێزی زانست و بیرکردنەوەیە کە بتوانێ زانستی سەردەم بۆ خستنەگەڕی سەرچاوەکانی وەڵات بە کاربێنێ.

هێزە رۆژئاواییەکان بەتایبەت ئەمریکا، لەگەڵ ڕاکێشانی سەرچاوە ژێرزەمینیەکانی وەڵاتان، لە هەوڵی ڕاکێشانی هێزی مرۆیی پسپۆریش دان، و بۆ ئەو مەبەستە بە چەندین رێگەی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، هانی خوێندکاران و پسپۆران دەدن بۆ مانەوە لە ئەمریکا. بە پێی ئامارەکان لە ساڵانی ڕابردوودا لە ١٢٥ خوێندکاری ئێرانی بەشدار لە ئۆلمپیادی زانستی کە توانیویانە پلە و جایزە وەدەست بێنن، ٩٠ کەسیان مانەتەوە و لە زانکۆکانی ئەمریکا بەردەوام بوون لە خوێندن.

ئەو زەرەرانەی بە هۆی هەڵاتنی مێشکەکان لە ئێران دەکەوێ چەندە؟

بە پێی لێکدانەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەر وەڵاتێك پێویستە لە نێوان ١٥ تا ٢٠ هەزار دولار خەرج بکا تا خوێندکارێك ببێتە پسپۆر. بەو پێ یە مەسەلەی هەڵاتنی مێشکەکان زیاتر لە ٨ تا ١١ ملوێن دولار زەرەری لە ئێران داوە.

هۆی هەڵاتنی مێشکان شتێکی دیارە، لە ئێراندا کەمترین کار بۆ بەرەو پێشچوونی نوخبەکان نەکراوە و نەبوونی فەزای ئازاد وای کردوە باشترین خوێندکارەکان وەڵات جێ دێڵن و نەگەرێنەوە لە حاڵێکدا ئێران بۆ خۆی زۆری پێویست بەو کەسانەیە، بەڵام زۆر بە هاسانی لە دەست دەچن.

بە سەیرکردنی ئامار و ژمارەکان زیاتر دەردەکەوێ کە لە نێوان ئەو وەڵاتانەی کە بەهۆی کارئاسانی لە باری خوێندن و لێکۆڵینەوە، ئێرانیە خوێندەوارەکانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە، ئەمریکا و کانادا لە پلەی یەکەم و دووهەم دان.

لێکۆڵینەوەکان وانیشان دەدەن کە زیاتر لە ٤٥ لەسەدی ئێرانیەکانی دانیشتووی ئەمریکا مەدرەکی کارناسی یا فەوقی کارناسیان هەیە. لە نێوان سێ ملوێن ئێرانی کە لە دەرەوەی ئێران دەژین، ٢/١ ملوێن کەس لە ئەمریکا، ٢٠٠ هەزار کەس لە کانادا، ١٨٠ هەزار کەس لە بریتانیا، ١١٠ هەزار کەس لە ئاڵمان، ١٠٠ هەزار کەس لە فەرانسە، ٩٠ هەزار کەس لە سوئێد، ٧٠ هەزار کەس لە ئوستالیا و باقی وەڵاتەکانی دیکە نیشتەجێن.

٩ـ ناهومێدی سیاسی، بەشداری نەکردن لە هەڵبژاردن، بەشداری نەکردن لە رێ پێوانەکان، نەبوونی ئامانج بۆ چالاکی حیزبی و ... وەك نیشانەکانی ناهومێدی سیاسی لاوان ناو دەهێندرێن. لاوان خراونەتە پەراوێزەوە، و خۆیان لەلا بێ توانایە لە بڕیاردانی گەورە لە کۆمەڵگادا و خۆیان و مافی دەنگەکانی خۆیان پێ کەمە و لە چالاکی سیاسی خۆ دەبوێرن، هەرچەند دەکرێ هێندێکیان بتوانن بەشداری بکەن لە کارە سیاسیەکاندا بەڵام کارئاسانیان بۆ ناکرێ.

هەروەها دەتوانین ناهومێدی لە سێ بەشی ( تاك، ناوەندی، گەورە) لێکبدەینەوە. ناهومێدی بە شێوەی گەورە ئەوەیە کە لە کۆمەڵگادا تاقمەگەلێك دروست دەبن کە لە بڕیارە گەورەکاندا بێ هەڵوێستن و بە گشتی ئەوەندە خۆیان بە کەم دەزانن کە پێ یان وایە بەشداری کردنیان لە بڕیارە گەورەکاندا حیسابی بۆ ناکرێ.

ناهومێدی بەشێوەی ناوەندی، بەشداری نەکردن لە دەستە کۆمەڵایەتیەکان، پێوەندی نەگرتن بە دەر و جیران یاخود بێکاری دەبنە هۆی دروست بوونی ئەو حاڵەتە. ژیان لە شار و نەبوونی خانووی خۆی، ئەو کەسانە خۆیان لە چاو کەسانێك کە خانوویان هەیە بێ تواناتر ببینن، لە ئاکامدا بەشداری ئەو کەسە لە چارەسەری کێشەکانی گەڕەك کەم دەکاتەوە.

لە ناهومێدی لە کەسەکان، دەتوانین ئیشارە بکەین بە نەبوونی پێوەندی تاك، گۆشەگیری، خەمووکی، خۆکوشتن، بە لارێدا چوون. بێکاری، نەبوونی هەلی چاك بۆ هاوسەرگیری و پێکهێنانی خانەوادە، رێگە خۆش دەکا بۆ بەلارێدا چوون لە نێوان لاواندا.

ئەوەی پێشتر باسمان کرد وەزعی کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و لاوان بەتایبەت بوو، ئێستا پێویستە باس لەسەر لاوانی کوردستان و هەل و مەرجی نالەباری ژیانیان بکرێ.

بە پێی ئاماری رژیم لە ئوستانی کوردستان (یەك ملوێن و ٤٥٠) هەزار کەس و ئوستانی کرماشان (یەك ملوێن و ٧٨٨) هەزار کەس، ئوستانی ئیلام ( چوارسەد و ٧٧ هەزار)هەزار کەس، ئازەربایجانی رۆژئاوا (دوو ملوێن و ٤٩٦)هەزار کەس دەژین، هەر چەند ئەوە ئاماری ساڵی ١٣٧٥ی کۆچی خۆرین بەڵام لە راستیدا ئەو ئامارانە دوورن لە راستی و تا ئێستا لە ئێراندا ئامارێکی راست و دروست سەبارەت بە رێژەی کورد لەو وەڵاتەدا نەدراوە و ئەو ئامارە نارەسمیانەی لە لاوە دەدرێن، ناتوانرێ زۆر پشتیان پێ ببەسترێ.

ئەوەی لە پێشدا باس کرا، نیشاندانی کێشەی لاوان بوو لە ئێران، بەڵام ئایا ئەو کێشانەی لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆ لاوان هەیە لە کوردستانیش هەر بەو شێوەیە؟، بە هۆی ئەوەی کە کوردستانی ئێران لە کاتی رژیمی خومەینی و رژیمەکانی پێش ئەویش بە بەردەوامی پشت گوێ خراوە و هەمیشە ناوچە کوردنشینەکان لە ناوچە هەرە بێبەشەکانی ئێران بووە و دانیشتوەکانی بە هاووەڵاتی دەرەجە ٢ و ٣ حیسابی بۆ کراوە و بە بەردەوامی بە شك و گومانەوە چاوی لێ کراوەو دەکرێ و لە دام و دەزگا گرینگەکاندا هیچ جێگەیێکیان پێ نەدراوە. لەلایێکی دیکەوە نەبوونی بازاری کار و نەبوونی کارخانە و شوێنی پیشەسازی گەورە و بەرچاو کە وەڵام دەرەوەی داواکانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و لاوان بەتایبەت بێ، بوونەتە هۆی ئەوەی کە کوردستان کێشەیێکی زۆر بەتایبەت لە ئێستادا رووی تێ بکا و خەڵکەکەی لەو پەڕی بێ دەرەتانیدا بژین و خەڵکی کوردستان بە ناچاری بۆ وەدەست هێنانی بۆ بژێو و کار روو لە ناوچەکانی دیکەی ئێران، وەك چوونە کوڕەخانەکان یا خود لە شیرکەتی بیناسازی دا کار دەکەن، نەك ئەوەی بتوانن یا رێگەیان پێ بدرێ لە کارخانە و شوێنە سەنعەتیەکاندا کاریان دەست کەوێ.

هەروەها ئەوانەی نەچوونەتە ناوچەکانی دیکەی ئێران و هەر لە کوردستاندا ماونەتەوە، یا خەریکی خوێندن یا ئەوەی کە کاری قاچاخی دەکەن کە ئەو جۆرە کارە لەو ناوچانەدا دەست دەکەوێ، رۆژانەی وەك دەبیستین هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیمی ئێران دەسترێژ دەکەنە سەر کۆڵبەران و ئەو لاوانەی خۆیان بەو کارانەوە خەریك کردوە و بە بەردەوامی لێ یان شەهید و بریندار دەکرێ.

ئەوەی کە لە هەموو ئەوانە زیاتر جێگەی داخە ئەوەیە کە لە نێو لاوانی کوردستاندا بەکارهێنانی مەوادی هۆشبەر پەرەی سەندوە کە هۆی پەرەسەندنی ئەو مەوادە لە نێو لاواندا دەگەرێنەوە بۆ هەوڵی دام و دەزگاکانی رژیم کە و لە رێگەی مۆرەکانیانەوە رێژەیێکی زۆر لە لاوانیان تێوە گلاندوە بە شێوەیێك کە زۆرێك پێی دەڵێن ئەنفالی سپی.

مەبەست لە پەرە پێدانی مەوادی موخەدیر و بێکاری و هەژاری لەلایەن دەسەڵاتی ئاخوندانەوە چی بوو؟

بیرکردنەوە و سیاسەتی ئاخوندی هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاریان لەگەڵ ناڕەزایەتی کۆمەڵگای ئێران بە گشتی و لاوان لە ئێران و

بۆ لاپەڕەی ٧